## ئایا کتێبی گۆرانی گۆرانییەکان ئاماژەی محمدی پێغەمبەری ئیسلام دەکات؟

شێخ ئەحمد دیدات دەڵێت کە ئەم وشەی (מַחֲמַדִּים -مەخەمەدیم) لە کتێبی پیرۆز لە بەشی گۆرانی گۆرانییەکان ٥:١٦ ئاماژەی محمد پێغەمبەری ئسلام دەکات.[1] بەڵام کە تەماشای بەڵگەی عیبری دەکەین دەبینین کە ئەم لێکدانەوەیە مەحالە .بەلگەکە بۆتان پێشکەش دەکەین :

1. وشەی (מחמד – مەخەمەد) وشەیەکی ئاساییە لە زمانی عیبری کە واتە (خوازراو).[2] وشەی (חמד - خەماد) واتە خواستن و کە (מ) دادەنێین لە پێش ئەم وشەیە ئەبێتە ئاوەڵناوێك (واتا خوازراو یان بەبەها). سێزدە جار ئەم وشەیە نووسراوە لە پەیمانی کۆندا و هەموو جارێك وشەی وەسفکردنە کە واتە (خوازراو) یان (بەبەها). هەرگیز وەك ناوێك بەکار نەهێنراوە.
2. لەم دەقە (گۆرانی گۆرانییەکان ٥:١٠-١٦) ئافرەتێك وەسفی خۆشەویستی خۆی دەکات چونکە ئەم بەشەی کتێبی پیرۆز (گۆرانی گۆرانییەکان) شەعری ئاشقبوونە لە نێوان ئافرەتێك و پیاوێکی ئیسرائیلی. لە ئایەتی ١٦:٥ ئافرەتەکە دەڵێت:

[دەمەکەی زۆر شیرینە (ממתקים – مەمتاقیم) و هەمووی ئەو (واتا جەستەی پیواوەکە) زۆر خوازراوە (מחמדים – مەخەمەدیم)][3]

ئەگەر ئەم وشەیە ترجمە بکەین بە ناوی محمد مانای ئایەتەکە تێك دەدات. وەك ئەمە:

[دەمەکەی زۆر شیرینە و هەمووی ئەو زۆر محمدە]

دیارە کە ئەم ترجمەیە هەڵەیە. ئافرەتەکە باسی جەستەی خۆشەویستی خۆی دەکات. چۆن دەبێت جەستەی پیاوێك (زۆر محمد) بێت؟ وشەی (מחמדים) ئاوەڵناوە، ناو نیە. کەسێك ناتوانێت (زۆر ئیبراهیم) بێت یان (زۆر موسا بێت). ئەگەر وشەی (מחמדים – مەخەمەدیم) بکەینە ناوی کەسێك پێویستە وشەی (ממתקים – مەمتاقیم)یش بکەینە ناوی کەسێك چونکە هەردووکیان بە یەك ستایل و ڕێزمان نووسراون لە ئەم ئایەتە. بەڵام (ממתק – مەمتەق) ناوێك نیە هەر وەك (מחמד – مەخماد) ناوێك نیە.

3. شێخ ئەحمد دەڵێت کە (ים - ئیم) ئاماژەیە لە زمانی عیبری کە وشەکە کۆیە. هەروەها دەڵێت کە هەندێك جار ئەمە بەکار دەهێنن کە شتێك یان کەسێك مهیمە. بەم شتانە شێخ ڕاستە. بەڵام نیوەی ڕاستییەکەمان وەسف دەکات بەبێ نیوەکەی دیکە. لە زمانی عیبری (ים) بەکاری دەهێنن بۆ وشەیەکی مهیم (وەک ئاسمان – שמים – شەماییم یان خودا – אלהים – ئێلۆهیم) بەڵام هەرگیز دا نانێن لەسەر ناوی کەسێك. تەنانەت بۆ ناوی خوداوەند (יהוה – یەهوا) بەکار ناهێنن. بۆیە ناشتوانن لەسەر ناوی محمد دابنێن.[4]
4. لۆجیکی شێخ سەراوبنە. دەڵێت کە وشەی (מחמדים – مەخەمەدیم) واتە پێغەمبەر محمد بەڵام لەراستیدا محمد ناوەکەی وەر گرت لەم وشەیە لە عربی کە نزیکە لە חמד (واتە حمد). بە لۆجیکی شێخ دەتوانین ناوی هەر کەسێك بدۆزینەوە لە کتێبی پیرۆزدا. بۆ نموونە، وشەی (בוש – بوش) واتە شەرمکردن. بەڵام سەرۆکێك لە ئەمریکا ئەم ناوەی هەبوو (سەرۆك بوش). ئایا هەموو جارێك کە (بوش) دەخوێنین لە کتێبی پیرۆزدا با بڵێین کە باسی سەرۆکی ئەمریکا دەکات؟ نەخێر. ئەمە ڕێگای هەڵەیە. مانای وشەیەك لێك دەدەینەوە بە مانای وشەکە لە زمانی خۆیدا و بە مانای ئایەتەکە کە لە ناوی دۆزراوە. ئەگەر ترجمەی وشەیەك مانای ئایەتەکە تێك دەدات ئێمە دەزانین کە ئەم ترجمەیە هەڵەیە. بەم شێوەیە دەزانین کە ترجمەی شێخ ئەحمد هەڵەیە.

کە کەسێك بە هەڵەوە کتێبێکی پیرۆز لێك بداتەوە و بەم شێوەیە فێری خەڵك بکات پێویستە بە وردی و بە وریایی و بە ڕێزەوە ڕاستی بکەینەوە. هەر کەسێك دەتوانێت هەر شتێك بڵێت و هەر ڤیدیۆیەك دروست بکات بۆ سودی پەیامی خۆی. دەبێت هەموو شتێك تاقی بکەینەوە بە بەڵگەی ئەسلی. ئەگەر تەماشای بەڵگە بکەین پەیامی شێخ ئەحمد یەکسەر دەروخێت. ئەگەر لە هەر زانایەکی زمانی عیبری بپرسیت سەبارەت بەم ئایەتە هەر وەك ئەم نووسینە وەڵامت دەداتەوە. ئەگەر جولەکە بێت یان مەسیحی بێت یان بێباوەڕ بێت هەر ئەوها وەڵامت دەداتەوە.

---

[1] https://www.youtube.com/watch?v=d3y7GDhPd8w&ab_channel=RationalBeliever

[2] Francis Brown, *Brown-Driver-Briggs Hebrew and English Lexicon* (Hendrickson Publishers, 1996), sub-entry מַחְמַד under entry חָמַד. Alternatively, see https://www.blueletterbible.org/lexicon/h4261/nasb20/wlc/0-1/

[3] https://www.blueletterbible.org/nasb20/sng/5/16/t_conc_676016.

[4] Gary D. Pratico and Miles V. Van Pelt, *Basics of Biblical Hebrew Grammar,* Third edition (Grand Rapids: Zondervan Academic, 2019), 33.